

# دوا نەوەی نیچە- هایدگەر لە فەڕەنسا سەرینایەوە
## بۆ ژاك دێریدا

ئازاد حەمە

**سەرەتا :**

ڕۆژنامەی " "لۆمۆند" "ی فەڕەنسی ڕۆژی 9 ی ئۆکتۆبەر وێنەیەکی دێریدای, کە پێدەچێ لەدوا وێنەکانی بێ چونکە دێریدا لەوێ ڕوخساری زۆر داکەوتوو و سیستە, لەگەل سەروتارێ لەژێرناوی" " من جەنگێکم لەتەك خودی خۆمدا" " هەوالی مەرگی دێریدای بلاوکردەوە. جگەلە دێریدا لەم دوو سێ سالەی دوایدا چەند بیرمەندێ سەریاننایەوە کە سالانێ بوو زۆربەیان دووچاری نەخۆشی سەرەتان ببوون: لەوانە هەردوو تیۆریزەکەری فەلسەفەی ماف لە ئەمەریکا(ڕۆلز و نوزیك) هەروەها کۆمەلناسێ دەگمەنی پاریسی وەك بۆردیۆ و فەیلەسوفێ پۆست مۆدێرنی فەڕەنسی وەك لیوتار و ڕۆژهەلاتناسێ سەرسەختی ئەمەریکی-فەلەستینی وەك سەعید و , بیریاری هێرمینۆتیکی ئەلمانی وەك هانس جۆرج گادامێر کە سەدەێ ژیا.
ئەوی ئێمە لەم باسە سەرپێیەدا وەسەرەتای دێین نە ئامانجێ فکری-فەلسەفی دیاریکراوی لەپشتەوەیە و نەش ویستێ ئەکادیمی پالپشتیەتی بۆ بەئاکامگەیاندنی توێژینەوەێ مەبەستدار. بەلکو لەبڕی ئەوە ئەوەی نیازمانە ئەنجامیدەین خوێندنەوەێ ترادیسیۆنیە بۆ بیری ئەو بیرمەندەی شەوی هەینی ڕێکەوتی 8 ی ئۆکتۆبەر لە نەخۆشخانەێکی پاریس بە نەخۆشی سەرەتانی پەنکریاس کۆتای بە چرکەی بیرکردنەوەی هات. مەرگی ئەم ڕوناکبیرە پاریسیە کە لەم دوایەدا لەجەنگێ بەردەوامدابوو لەتەك نەخۆشی زیانێ ڕۆحی و فکری لێداین. زیانە فکریەکە ئەوەبوو کە ئێمە پێمانوابوو ئەم بیریارە بەهۆی ئەو قسەکردنە چڕانەی ئەم چەند سالەی دواییەوەی لەسەر دیاردەی وەك جیهانگیری, چارەنووسی ئەوروپای نوێ, تیرۆریزم, ڕاسیزم, کێشەی ئافرەت و ژینگە و پەناهەندەیەتی دەکرا پتر بەشداری لە ووتن لەو بارەیەوە بکا و چارەسەر و دیتنی دەگمەنیش بۆ ئەو مەبەستە بەرهەمبهێنێ. بەلام ئەفسووس ئەو هەولانە دلیان لە نەخۆشخانەیەکی پاریسدا سەرینایەوە. زیانە ڕۆحیەکەش ئەوەبوو, ئێمە بۆ ماوەیەك دەچێ کار لەسەر تێزی دکتۆرانامەکەمان دەکەین کە ئەوەش بە لایەنێ لە بیری ئەم بیریارە(ژاك دێریدا: هەلوەشانەوەگەریی و جیاوازی) تایبەتە بۆ ئەو مەبەستە نیازمان وابوو چەند پرسیارێ سەبارەت بە تیۆری هەلوەشانەوەگەری و بیرۆکەی واتای جیاوازی بەردەست ئەم بیریارە خەین و لەو ڕوەشەوە زەمینەمان بۆ دیتن و بەهێزکردنی پێوەندی ئامادەدەکرد کە هەموو ئەوانە بە مەرگی ئەم فکریارە زیانی لێکەوت . مایەوە لەم سەرەتا بەرتەسکەدا ئەوەش بلێین کە لەسالی 1993دا لە دانیشگای کامبرج 204 کەس لە ئەسلی 540 کەس دژی ئەوەدەبن دێریدا " " دکتۆرایشەرەف" "ی پێببەخشرێ. بۆ ئەوانەش بایەخ بە بیری ئەم ڕوناکبیرە نێودەولەتیە دەدەن ئەو فلیمە دۆکومێنتاریە گرینگە بینینی کە کیربی دیك و ئامی زیرنگ کۆفمان لە سالی 2003 دا بەناوی" "دێریدا" " دەریانهێناوە کە خەلاتی جیهانی بەدەستهێناوە و بە هەندێ چرکە لە ژیانی ئەم بیریارە لەمالەوە و لە هۆلەکانی وانە ووتنەوە تایبەتە.

### دێریدا لەنێوان بیری نامۆ و بیری پووچ

ئەم پیاوە گەنم ڕەنگیە کە لەبنەمالەیەکی جوو لەناوچەی ئەلبیار لە ئەلجەزانیر هاتەدونیا (1930) لەدوولاوە نامۆ بووە. لەلاێ وەك جووێ کە لەناوچەێ دژەجوو ژیاوە و لەلاێتریش وەك جەزائیرێك کە بەدەست فەڕەنسیە کۆلۆنیالیستیەکانەوە نالانوویەتی. ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێشە لەم هەقایەتەدا ئەوەیە کە بۆ کۆلۆنیالیستە فەڕەنسیەکان ئەم کەسێ فەڕەنسی پەسەندنەکراوبووە ئەوەش لەبەرئەوەی تائێستا لەنێو نەتەوەی مەحەمەدیەکانا دەژی و, بۆ دانیشتوانی ناوچەی ئەلبیاریش ئەم دیسانەوە کەسێ پەسەندنەکراوە چونکە بەڕەگەز نە عەرەبە و نەش موسلمان بەلکو فەڕەنسیە و لەهەمووی دژوارتر جووە. لێرەوە داستانێ پڕ لە نامۆیی لەدایکدەبێ کە بەپێی تێگەیشتنی ئێمە مرۆڤ یان ,باشترە بلێین, کەسی نامۆ والێدەکا لە جەنگێ بژی لەتەك خۆیدا. ئەم جەنگەش دواتر تادێ بەردەوامدەبێ بەلام ئەوەی کە زۆر سەیرە ئەوەیە ئەم جەنگە یان بەگشتی جەنگی کەسی نامۆ جەنگێکە دژ بە گشت فۆڕمەکانی جەنگ (ڕاسیزم,تیرۆریزم,جیهانگیری). هەروەها ئەم شێوە جەنگە جەنگێکە دژ بە دەسەلات و زۆرداری و گشت ئەو وتارانەش کە ستەم و ترس بەرهەمیدێنێ. جەنگی کەسی نامۆ هەمیشە خۆخواردنەوەی

بەدەمەوەیە چونکە جەنگێکە بۆ دامرکاندنەوەی گشت ئەو خراپەکاریانەی لەناخی ئەویتردا پەنهانن. لێرەدا مەبەستمان لەویتر گشت ئەو هێزانەیە کە والە کەسێدەکەن لە زێدی خۆی نامۆ و لاپەڕ بێ. ئەم بیرمەندە کە هیچ وەختێ نەیهێشتووە ڕیشەی جووگەرایەکەی بەسەر ئەندێشەی فەلسەفی و سیاسیەکەیدا زالبێ لەناوەندی 1990کانا لەکتێبێ (پرۆتێستی ڕیشەیی) باس لەو ناسنامە زمانەوانیە دەکا کە چۆن ئەویترێ لەناخی خۆیدا حەشاریدەدا.
زمان کە بۆ ئەم ئەویترە زۆرترین مانای هەیە و نامۆی ئەو ئەویترەش کولتووری جیا پێکدێنێ بەدلنیایەوە ناسنامەێ لێکنەچوو بۆ ئەم ئەویترە چێدەکەن. ئەم لایەنە تەنیا ئەو غەریبە تێیدەگا کە بە زمان و ناسنامەێ ترەوە دێتە گۆڕەپانی کولتوریەوە. بۆیە دێریدا هەر لەسەرەتاوە نامۆ بووە و خاوەنی کولتوورێ تر بوو یان خۆی ووتەنی خاوەنی "پکولتووریێ سیاسی" " بووە. لەوەش هەرگیز کوشندەتر نیە کە بە کولتوورێ سیاسییەوە بێتە دونیاوە.
ئەم پیاوە ڕیشە جودایە دواتر بە کولتوور و ناسنامەیەکەوە بەرەو پاریس ڕێدەکا کە تەمەنی لە 22 سال زیاتر تێناپەڕێ بۆیە زۆر بەجوانی دواتر لەو زەخمە دەگا کە پەناهەندەکان لە ولاتێ وەك فەڕەنسا دەیژێن یان ئەو زمانەی ترادیسیۆنێ زۆردار لەپشتیەوەیە. کە ئەوەش زمانی ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایە. ئەم تێگەیشتنەشی پاش 40 سالیتر دەبێ بە هەوێنی سمینارێ لەسەر ڕیشەی بیری ڕەگەزپەستی ڕۆژئاوا و لە زانکۆی یۆهانسبێرگ لە باشووری ئەفەریقا پێشکەشدەکرێ. ئەم بیریارە کە هەر لەمنالیەوە دەبێ بە ئەسیری کێشەی نێوان زمان و ناسنامە ناتوانێ ڕەخنە لەو ترادیسیۆنە نەگرێ کە دالدەی بیرە نەخۆشەکان دەدا. یان ناکارێ ئەو جوانکارییە فەرامۆشکا کە شاعیرێ جووی وەك پۆل سیلان, کە منالی خۆی لە ئۆردوگاکانی زۆرەملێیدا بەسەربردووە, لەڕێگای پەیڤە شیعریەکانیەوە بۆماندەگێڕێتەوە. ئەم جوانکاریەی سیلای بۆمانبەرهەمدێنێ ئەو جوانکاریەیە کە " "پاش هۆلۆکۆست" " لەدایك دەبێ. هەروەها ئەو جوانکاریەیە ئەو جوانکاریەیە کە ئەدرنۆ پێیوابوو ئیدی لەپاش ئاوشوێتزەوە شیاو نیە بوونی. بەلام پۆل سیلان, شاعیری هەلبژاردەی دێریدا ئەو جوانکاریە لەگەرووی هۆلۆکۆستەوە دێنێتەدرێ. هەموو ئەو دەربڕینە فەلسەفییە-ئەدەبیانەمان وەبیردێتەوە کە دێریدا لە کتێبەکەیدا بەناوی " "شیبۆلیت" " ,کە بەشێکی بە شیعری ئەم شاعیرە جوەوە تایبەتە,بەرباسیدەخا. بەباوەڕی ئێمەش بایەخدانی دێریدا لەو کارەی (کە بەخۆی سمینارێ بووە و لە سالی 1985 لە ستۆکۆلم پێشکەکراوە) بە سیلان لەسەر ئەو بناغەیەیە کە بەردەوامبوونی سیلان لە نووسینی شیعر لەدوای دەربازبوونی وەك منالێ لە ئاوشوێتنز کارکردنیەتی لەسەر نەك دۆزینەوەی شیعرێ تر جیاواز لەوی پێش ئاوشوێتز هەبووە بەلکو ئەوی سیلان کردی نیشانەیە لەسەر دۆزینەوەی زمانێ تر کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا ناسنامەدانە بە بوونێ کە دەکرا سەرنگوومبێ.
هەموو ئەمانە بۆ ئێمە ئەو داستانە دەگێڕنەوە کە زمان و ناسنامە چۆن وورده وورده بیری ئەم بیرمەندە داگیردەکەن. چونکە بۆ دێریدا وازهێنان لە ڕیشە یان بەواتاێتر دەستهەلگرتن لە زمان ئەو کەسە بەرهەمدێنێ کە تا سەرئێسك ئەویترە. پتر بدۆین دەلێین , تۆ کە نەکاری ببی بە هەلگری ڕیشەی خۆت و لەناو زمانێتردا بئاخفی ئەوە تۆ زۆر بەئاسانی حوکمی ئەوەت دراوەتەسەر کە وەك ئەویتر بژی. تۆ ئەویتری کە لە ژینگەێ تر کەسێتی زمانەوانی و ناسنامەیی کولتووریت پەرەپێبدەی. ئەم ژینگەیە ,کە ڕەهەندێ تر بە زمانت دەدا و هەمیشە نامۆییبوونەکەتت بیردەخاتەوە,خۆمان ئاسا, بوونیادێ سیاسیی لە ژیانتا دەبێ. ئەم بوونیادە کە بەباشی دێریدا تیایژیاوە وایلێدەکا لەگەلێ لەو دیاردانە بگا بەهۆی دوژمنایەتی بێگانە و چەوسانەوەی ئیتنی و ئاینی دروستدەبن. چونکە ئەو ناحەزییانەی نەتەوەی سەردەست یان کولتووری بالا و یاخود زمانی زۆرینە دروستیدەکەن شیاوێ گەورە دێننە پێشەوە بۆ دروستکردنی کەسی نامۆ. یان زۆرجار کەسی نامۆ بەرهەمی ئەو جۆرە ناحەزیانەیە. بەلام ئەم دۆزە دژوارە کەمکەس تێیدەگا و کەمکەسیش کار بۆ نەهێشتنی ئەو ناحەزیانە دەکا کە دۆزی نامۆیی دروستیدەکەن و , بەدەگمەنیش ئەو دۆزانە کەسانێك پێکدێنن کە ئامادەنیین دژایەتی نە زمانی زۆرینە و نەش کولتووری بالا و نەش ناسنامەی ئەویتری زۆردار بکەن. بەلکو لەبڕی هەموو ئەوانە ئەوا ئەوی ئەم کەسە نامۆیانە دەیکەن بەشداریکردنە لە ڕوونکردنەوەی نامۆیەتی , نامۆیەتی خۆ و هەروەها لێکدانەوەی ئەو ناتەبایانەش کە دیوار دەخەنە نێوان زمان و ناسنامە کولتووریەکانەوە. ئەمەش دێریدا ,بەپێی دیتنی ئێمە,کارێ زۆری بۆکردووە. ئەم بیریارە لەو بەرهەمەی لایسەرەوە ناویهات مانڤێستێ ئیتنی و گێڕانەوەێ پڕ لە زەخم و یادگاری سەبارەت بە منالیێ دەگێڕێتەوە کە لەنێوان دوو زمان(عیبری و فەڕەنسی) و دوو ئیتن(جوو و فەڕەنسی) دا ناسنامەی کولتووری خۆی بەسەردەبا. ئەم(واتە دێریدا) کە پێیوایە " "ئەو هەلگری زمانێکە کە هی خۆی نییە" " بەمە دەیەوێ پێمانبلێ زمانی کەسێ تر فڕێدراوەتە ناو گەروویەوە و بە پەیڤی زمانی غەیرە دەئاخفێ. بەلام ئەملایەنە بەرەو ئەو تێڕامانەشمان دەبا کە بلێین, دێریدا بەکورتی مەجبووردەکرێ زمانی ئەویتر هەلگرێتەوە بەلام دواتر لەوانە زیاتر دەسەلاتی بەسەر ئەو زمانە و کولتوورە دەشکێتەوە کە ڕۆژانێ لاپەڕیدەکرد. بۆئەوەی ئەم بیریارە لەم لاپەڕییە بێتەدەر نەهات تەنیا بەجۆرێ کلاسیکانە بکەوێتە هەلگرتنەوەی ناسنامەی کولتووری ئەو زمانەی کە تا دوێنێ نقوومی نامۆیدەکرد بەپێچەوانەوە دێریدا هات بوو بە هەلوەشێنەرەوەی ئەم زمان و ناسنامە کولتووریە.
بۆئەوەی ئەمەشبکا بەلکو لەبڕی ئەوە ئەم بیریارە خۆی وێلکرد بۆ دۆزینەوەی مانای تر بۆ زمان و ناسنامە

ئەمەشی نەدەکرد گەر نەبایە بە گەڕۆکێ هەمیشەیی لەناو بیری فەلسەفی نوێی ڕۆژئاوا. بەدلنیایشەوە بەرهەمی ئەو گەڕۆکیەی بیری دێریداشمان لەپاش 1952 بەولاوە بەچاکی بەرچاودەکەوێ کە دواتر لە نەخۆشخانەیکی پاریسیدا هەناسەی لێبڕا. بۆئەوەی ئەم لاوە پێست گەنمیە ئەم گەڕۆکیەی دەستپێبکا و لەڕیشەی ئەو نامۆیەی خۆشی بگا هەر زوو چوارچێوە بۆ موغامەراتەکانی دەستینشاندەکا. ئەمەش تەنیا بەهۆی ئەو تێزە ئەکادیمیەوە دێتە دی کە تەرخانیدەکا بۆ پەیڤین لە گەورەترین بیرمەندی فینۆمینۆلۆژیای ڕۆژئاوا, هوسرل,. ئەمەش سەرەتای ئەو گەشتەیەتی کە بەنێو بیرستانی ڕۆژئاوا دەیکا کە تیایا گومانێ دەخاتە جەستەی بیری ڕۆژئاواوە. گەڕۆکی دێریدا کە بە فسەکردنەکانی لەسەر دەنگ و دیاردە لەناو بیری فەلسەفی ڕۆژئاوا وەسەرەتاهات بەردەوامدەبێ تادەگاتە باس لە ئاین , مەرگ و یاسای نێودەولەتی و تیرۆریزم کە هەموو ئەوانە بۆ هەلوەشانەوەی بیرێ بوو کە زۆرترین سامی لە ئەندێشەی کەسی ڕۆژئاوادا دروستکردبوو.ڕیشالی ئەو گەڕۆکیە ناشێ تەنیا بەوە ڕوونکرێتەوە کە بیری ئەم بیریارە وەك"" بیرێ پووچ"" تەماشاکرێ. دەبێ ئێمە جیاوازی لەنێوان ""بیری نامۆ"" و ""بیری پووچ"" دا بکەین. بیری نامۆ ئەو بیریە لە زەغم دەدوێ و بە ڕیشالی نەبووندا دێتەخوارێ تا لەوسەرەوە بوونێکمان بۆ چێکا. بەلام بیری پووچ بەرهەمی بیرێ نادیارە و گومڕایێ بێ ئەندازەش لە بیردا دروستدەکا.

وەنەبێ بەرەو ڕوو ئەمە(واتە ئەوەی بیری پووچە ) بە دێریدا نەووترابێ. بەلام وەلامەکەی تەنیا و پڕ لە نامۆیی بووە کاتێ بانگەشە بۆ ئەوەدەکا ئەم لە جەنگدا لەتەك خودی خۆیدا. ئەوەشی بەکردەی فەلسەفەکردنەوە گلاوە زۆر بە باشی لەم جۆرە وەلامانە تێدەگا کە بەرهەمی بیرێ نامۆ بێ یان پووچ. ڕاستە پووچیش بیرە بەلام لە ئاستێ تر و فۆرمێ تریشە لە بیرکردنەوە. هەروەها ئەو پووچیەش کە لە بیری هەندێ بیریاری نامۆ و گەڕۆکدا (بۆ نموونە نیچە) دروستبوونە بەرهەمی خودی ژیانی ڕۆژئاوا بووە کە ئەو پووچیەی لە بیری هەندێ لە بیریارە سەرسەختەکانی دروستکردووە نەك ئەوەی ئەمان خواستیاربوونە ئەمە بکەن.

ئەم هەقایەتە کە لەسەرەوە بەر گێڕانەوەکەوتن نە لای فوکۆ و دۆلۆز بەدیدەکرێن و نەش لای ئەوانەی ئەم سێ بیریارە میراتیانیان هەلگرتۆتەوە, کە لێرەدا نیشە و هایدگەر مەبەستە. چونکە هەقایەتی فوکۆ و دۆلۆز تەواو لە دێریدا جوداوازە و تەنانەت لەو هەقایەتانەش جوداوازە کە لەبارەی سەرچاوەکانی ئەو سێ بیریارەوە(هایگەر و نیچە) دەگێڕدرێتەوە.

ئەوانەش کە پێیانوایە بیری دێریدا بەرپرسیارە بەرامبەر بە دروستبوونی بیرێ پووچ دەبێ لەوە دلنیابن ئەو بیرە پێش دێریدا لە بیری ڕۆژئاوا دالدەدراوە و شوێنیشی بۆ کارکردنی خۆی دۆزیوەتەوە. ئەوی دێریدا کردویەتی تەسکردنەوەی بازنەی کارکردنی ئەو پووچییەیە کە شارستانی ڕۆژئاوا شوێنی بۆدابینکردووە. بیرێ کە ئامانجی کەمکردنەوەی دەسەلاتی میتافیزیك بووە ناکارێ پووچی بەرهەمبهێنێ گەر لەڕوانگەی ئەوانەوە نەبێ کە میتافیزیك قەدەری مرۆڤایەتیە. بۆیشە لەگەل دێریدا لێکدانەوەی میتافیزیك زۆرترین گۆڕانی تێکەوتوە و تەقەلاکانیشی لەو ڕوەوە زۆرترین دەگەشی لە بیری ترادیسیۆنی ڕۆژئاوا داوە و گەورەترین کاریگەریشی لەناو فەلسەفەی نوێ خستۆتەوە. تەنانەت ڕەخنەکانیشی لە بیری ڕۆشنگەری لەڕوانگەی مۆدێلە فەلسەفیە هەلوەشانەوەگەریەکەیەوە ڕێگای بووە بۆ موحاسەبەکردنی ئەو بیرە کۆنکرێت و ڕەهایەی تاڕادەێ بەرپرسە لە دروستکردنی بیری پووچ. لەڕووی فکری و لەڕووی ئێتیکیشەوە مانادربووە بۆ ئەم بیریارە ڕەخنە ئاڕاستەی ئەو بیرەکا زانستێ زۆر و عەقلێ تاکگەرای هێنایەدونیاوە. ئەوە زانستی ئەبستراکتی ڕۆژئاوایە کە بیری ڕۆژئاوای فڕێداوەتە ناو پووچیەوە نەك دێریدا. ئەوە ویستی شەڕانگیزی زانینی نوێیە کە ئازادی لە شوێنێ دەپارێزێ و لە شوێنێتر دەینێژێ یان ماف لە ولاتێ دەکا بە بیرۆکە بۆ ژیان و لە ولاتێ تر لە سێدارەیدەدا.

## دێریدا و مەرگی سێ کوچکەکە (فوکۆ,دۆلۆز, دێریدا)

هەموو بیرمان دێ چۆن سالی 1984 مێدیاکان مەرگی هێمنی فوکۆیان بلاوکردەوە کە دواتر مەرگەکە ئەو هێمنیەی لەدەستدا پاشئەوەی چەندین ناوناتۆرە درایە پال ئەم مرۆڤە, لەوانە کە بەئایدز مردووە و بۆیشە زۆربەی هاوڕێکانی پشتگیری لە فۆندی دووچاربوانی ئایدزدەکەن. پاش چەند سالێ تر و لە کۆتای 1995 دا دۆلۆز پاش ئەوەی سالانێ زۆر بەدەستی نەخۆشی تەنگەنەفەسیەوە دەنالێنێ خۆی لە پەنجەرەی شوقەکەیەوە فڕێدەداتە خوارەوە. لەو ڕۆژانەشدا پەنکریاسی دێریدا دوایئەوەی دووچاری سەرەتان دەبێ لەکار دەوەستێ و شەوی 8ی ئۆکتۆبەر کۆتای بە ئەندێشەی فەلسەفی ئەم بیرمەندە دێنێ. بە مەرگی دێریدا هەر سێ کوچکەکەی بیری نیچە-هایدگەر لە فەڕەنسا بوون بە پۆلی مردوو و مالئاوایشیان لە ئەندێشەی بیری نیچە-هایدگەر کرد.

ئەم سێ بیریارە(فوکۆ,دۆلۆز, دێریدا) , کە هەرسێکیان نەوەێ تایبەت و دەگمەنن بەرهەمهێنەری تەوژمێ لە بیری و ئاڕاستە و واتای فەلسەفی و ئەدەبی و ئێتیکیشن. ئەم سێ فکرمەندە ,کە هەرسێ پلەی پرۆفیسۆریان هەبووە لە باردودۆخێ ئەکادیمی و سیاسی و ڕوناکبیری جیادا گەشەیان بە ڕوانین و ئەندێشەی خۆیان داوە و کۆمەلێ بیریار و ڕوناکبیری تریش بەخۆیانەوە گرێدەدەن یان خۆیان بەوانەشەوە گرێدەدەن کە هەریەکەیان مانا و شوێنی

تایبەتییان لە کار و بیرکردنەوەکانیاندا هەیە. جگەلە دوو بیریارە گەورەکەی ئەلەمانیا(نیچە و هایدگەر) کە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی بەسەر بیری ئەو سێ کوچەکەیەوە هەمیشە هەبووە چەند بیریارێ تریش مانایان لە ژیانی بیری هەریەك لەو بیریارانەدا دیوە. گەر لەم ڕووەشەوە دێریدا وەرگرین(کە 74 سال ژیا) ئەوا دەشێ سەرەتا باس لە کاریگەری هۆسرل و فرۆید لەدەرەوەی فەڕەنسا و دواتر بلانشۆ و لێڤینانس لەناوەوەی فەڕەنسا بکەین. دێریدا کە پتر لە فوکۆ و دۆلۆز هایدگەریترە سەرەتا بیری فینۆمینۆلۆژی ئەندێشەی داگیردەکا کە ئەمەش ڕیشەێ هۆسرل- هایدگەری هەیە. ئەم دوو هایە(واتە هۆسرل و هایدگەر) و پێشتریش هێگل نەك هەر بۆ دێریدا بەلکو بۆ زۆربەی بیریارانی ڕۆژئاوا بەگشت و بەتایبەت فەڕەنسیەکان مانادداربووە. مانای هیگل بۆ بیریارانی فەڕەنسی بەزۆری بۆ ئەو وانانە دەگەڕێتەوە کە ئەلێکسەندەر کۆجێڤ لەبارەی فەلسەفەی هێگل ووتویەتەوە. بەلام لەنێو ئەو سێهایەدا(هێگل , هۆسرل , هایدگەر) درێدا لەکۆتایدا پتر میراتی هایدگەر هەلدەگرێتەوە. بەلام هەرچی فوکۆیە(کە 58 سال ژیاوە) زۆرتر نیچەییە وەك لەوەی هایدگەرییێ. لەوەش بگەڕێتەوە فوکۆ پەیوەندیداربووە بە باتایشەوە. وەلی ئەو نیهلیزمە(هیچگەرایی) ئەوروپایەی لە بیری فوکۆدا ڕیشەی داکوتیوە پتر سەرچاوە لە فکری فەلسەفی نیچەوە هەلدەگرێ نەك کەسێ تر. پاشان دەبێ دانبەوەشدابنێین کە بواری کارکردنی فوکۆ و دێریدا جوداوازە. چونکە فوکۆ کاری لەبواری ئەو زانستە زانکۆییە کردووە کە ئەمڕۆ لە دانیشگاکانی ئەوروپا زۆرباوە و پێیدەوترێ مێژووی بیر. ئەوەشی بە دولۆز(کە 70 سال ژیاوە) هوە تایبەتە دەکرێ بەکورتی ئەوە بووترێ ئەم بیریارە بیری فەلسەفی پتر نیچەییە وەك لەوەی هایدگەریی بێ. بەلام نیچەیەکەی دۆلۆز و فوکۆ ڕەنگە لەوێڕا جوداوازبێ کە دولۆز ئەو ڕوناکبیرەیە نیچەیەی خۆی دواتر بۆ ڕوونکردنەوەی کاپیتالیزم بەکاردەبا. ناشێ ئەوەش لەبیرکەین کە دولۆز پەیوەندیداربووە بە بیری بیریارێ فەڕەنسیشەوە کە ئەوەش هینری بریگسۆنە. ئەوەشی نیچەیی دۆلۆز لە لە نیچەیی فوکۆ جیادەکاتەوە ئەوەیە کە دۆلۆز ڕەنگە ئاشکراتر لە بیری نیچە دوابێ و زۆر فەلسەفیتریش بیریاری بەسەرەوەکردبێ. ئەو کتێبەش کە ئەم بیریارە لەسەر نیچە نووسیویەتی لەو هەولە دەگمەنانەیە لە ڕۆژئاوا کە پێکهاتەی بیری فەلسەفی نیچە ڕووندەکاتەوە. بێمانا نابێ گەر لێرەدا ئاماژە بە ڤاتیمۆ بکەین کە پاش دۆلۆز دەشێ وەك نموونەێ بەرچاوی تەماشاکرێ ئەمەش بەهۆی ئەو کتێبەوەی وەك دەروازەیەك بۆ نیچە نووسیویەتی. ئەلبەتە جیاوازی ڤاتیمۆ و دۆلۆز و تەنانەت دێریدا و فوکۆش لەوەدایە کە تاکە بیریارێکی هاوچەرخی ئیتالیە پێیێکی لەناو فەلسەفەی نیچە و ئەویتریشی لەناو فەلسەفەی هایدگەردایە. ئەلبەتە بەهۆی کارە فەلسەفیەکانیشیەوە دەشێ وەك باشترین سەرچاوە لە ئیتالیا تەماشاکرێ کە سەرقالە بەو دێیاتانەوەی کە بیریارانی پاش بنەماخواز و پاش تازەگەری فەڕەنسی کاری لەسەردەکەن. لەم سالانەی دوایشدا ڤاتیمۆ و دێریدا بەدوو قۆلی کتێبێکیان لەسەر ""ئاین"" نووسیوە.

وێرای ئەوی لایسەرەوە باسکرا دەمانەوێ ئاماژە بۆ ئەوەشکەین کە, ئەوی لەسەرەوەناومانناا سێکوچکەکە جیاوازیەك لەنێوانیاندا لە خوێندنەوە و بەکاربردنی شێوازی بیرکردنەوەی نیچە-هایدگەر و تیۆریزەکردنە سەر بەرهەمەکانیان لەئارادایە. ئەم لایەنەش کە مەسەلەێ زۆر سرووشتیە پێوەندێ قوولی بە بیر و ئەزموونی ئەو سێ بیریارە و ویستیان بۆ توێژینەوەی تێکستە ڕۆژئاوایەکانەوە هەیە. ئەمەو پسپۆڕی و دیدی ئەکادیمیشیان. ئەم جیاوازیەش لە سێرکردن بۆ کەلەپووری هەردوو بیریاری گەورەی ئەلەمانی نیچە و هایدگەر کارێوایکرد والە فەلسەفەی نوێی ڕۆژئاوا بکەن لە شوێنێکدا نەوەستێ و تەنیاش بە دیتنی خۆیەوە سەرقالنەبێ. گۆڕینی سەرلەبەری بنەچەی گێڕانەوەکانی فەلسەفەی ڕۆژئاوا دۆزێ ئەوتۆی هێنایە پێشێ شوێن بۆ ئەویتر تەرخانکرێ و منی فەلسەفی ڕۆژئاواش گومانئامێزکرێ.

پاشان دەرکەوتنی تارمایی کاریگەری ئەم سێ کوچەکەیە ,لەپاش 1960کانەوە, لەناو بیری فەڕەنسی بەتایبەت و لەناو بیری ڕۆژئاواش بەگشتی کاری بیریار و ڕوناکبیرانی تری سەردەمی خۆیان لاوازناکا بەلکو ئەوەی تارمایی ئەمانی بلند ڕاگرتووە ئەوەیە کە شێوەی کارکردنەکانیان جیایاندەکاتەوە لەوانیتر بەلام پاشان و بەتایبەت دوای سەرهەدانی چەند شەپۆلێ فکری و فەلسەفی ,وەك پاش بنەماخوازی و پاش تازەگەریی , وورده وورده لەگەل بیری گەلێ لەو بیریارانە, لەوانە لیۆتار و بۆدریار و چەند بیریارێ تر, یەکدەگرنەوە کە سەر بەهەمان سەرچاوەی بیرکردنەوەن یان لەژێر هەمان کەلەپووری فەلسەفەی نیچە-هایدگەردان.

ئەم سێ بیریارە کە ناوماننان سێ کوچکەکە هەریەکەیان هەقایەتێکی خۆی هەیە کە ئەوەش بنەچەی سێرکردن و نووسینەکانی دەستنیشاندەکا بەلام ئەم جیاوازیە لە پۆلی کارکردن و ڕاڤەکردنەکانیان ناشێ بەو شێوەیە لێکدرێتەوە کە ئەنتاگۆنیزمێ(ناحەزیی) فکری لەنێوان بیرکردنەوەکانیاندا هەیە. نەخێر. ئەوە بیرکردنەوەێ هەلەیە و دوور لە گشت ئیدیایەکی فەلسەفیشەوەیە. بۆچوونێ لەو جۆرە تەنیا بەرهەمی مەغزێ فەلسەفی بێ بناغە و ناکاملە. چونکە بیری ئەم سێ بیریارە لەسەر بناغەی جیاوازی لەیەکتر دروستبووە بەلام خودی ئەو جیاوازیە پاشان ئەو بیرۆکەیەی هێنایەکایەوە کە ناوی واتای جیاوازی لەخۆگرت. ئەم بیرە کە سەرچاوەێ نیچە-هایدگەری هەیە, بە لەبەرچاوگرتنی گشت جیاوازیەك لەنێوان بیری فەلسەفی یان شێوەی نووسینی نیچە و هایدگەر, وەك یەك لەناو ئەو سێ بیریارە ڕەنگدانەوەی خۆی نەبووە. هەروەك لەسەرەوەش ئاماژەمانپێکرد کەلەپووری فەلسەفی نیچە

و هایدگەر وەك یەك لەناو بیری ئەو بیریارانەدا وەك یەك ڕەنگینەداوەتەوە و تێگەیشتنەکانی ئەو دوو بیریارە ئەلمانیە گەورەیەش لەیەك چوارچێوە و سێستەمی لێکدانەوەدا بەکارنەبراوە. زۆربەی توێژینەوەکانیش ئەوەیان یەکلاکردۆتەوە کە هەریەك لە فوکۆ و دۆلۆز و دێریدا شێوەی دەستپێکردنی فەلسەفی خۆیان هەیە و سەرچاوەی بیرکردنەو و تێڕامانیشیان هاوشێوە نیە. بەلام دەبێ باس لەوە گرینگتریش بکرێ کە سەردەمی لاوی هەریەك لەم بیریارانە لەبەرئەوەی لە شوێنێ وەك پاریس و لە بارودۆخێ سیاسی و فکری و ئەدەبی تایبەت گەشەی کردووە ناشێ نە وەك هاوشێوەی یەکتر سێرکرێن و نەش ئەوەندە لەیەکەوە دوورخرێنەوە کە ئەم دوورخستنەوەیە کارێ وابکا نامۆیانکابەیەکتر. چونکە جۆرە یەگرتنەوەیەك لە تەماشاکردن و بیرۆکە سەرەتاییەکانیاندا بەدیدەکرێ کە ئەوەش بەزۆری بۆ ئەو دۆزە سیاسیەی پاش-جەنگ لە ڕۆژئاوا و قودرەتی بیری مارکسیتی لە شیکردنەوەکان و هەروەها زالبوونی قۆناخی سارتەریزم لە فەڕەنسا دەگەڕێتەوە. ئەمەی باسمان کرد ئەو لایەنەیە کە ماوەێ پێش ئێستا ناومانناا بارودۆخێ سیاسی و فکری و ئەدەبی تایبەت.

ئەو سێ لایەنەی لایسەرەوە ئاماژەمانپێکرد کاریگەریێ ئەوتۆ بەسەر ئەم سێ ڕوناکبیرە لاوەوە دروستکرد کە زۆر لەیەکەوە دوورنین. بەلام پاش نزدیکبوونەوەی ئەم بیریارانە لەچەند تێکستێ سەرەکی , هەریەك بەپێی ئاستی ئەکادیمی و ئەزموونی ڕوناکبیری و بواری کارکردن و ویستی بۆ خوێندنەوەی تێکستە فەلسەفیە کلاسیکەکان تا دەگاتە تێکستە نوێکان, کەوتنە بارێ بیریاری ئەوتۆوە کە خۆیان لە بیرێ یان ڕیزەبیرێ نزدیککردەوە کە ڕیشەی بۆ بیری دواتریان دانا. بەلام دیسانەوە لێرەدا دەبێ باس لەوەکەین کە گرینگە ویستی هەریەك لەم بیریارانە بۆ بیری مرۆڤایەتی و ئامانجیان لە بەرهەمهێنانی توێژینەوەکانیان و مەبەستیان لە کارکردن لەناو بیر و فەلسەفە لەیەکتر جیاکرێتەوە و ئەوەش لەبەرچاوگیرێ کە هەر سێکیان هەمان فکر و فەلسەفەیان بەرهەمنەهێناوە.

بۆئەو مەبەستەش دەلێین, گەر تەماشای نمایشی فکری فەلسەفی لە ماوەی سالانی شەستەکان ,لەپێش ڕووداوی ئایاری 1968یشەوە, بەگشتی لە ڕۆژئاوا و بەتایبەت لە فەڕەنسا , بکەین دەبینین دۆزێ فەلسەفی تر لە لەدایکبووندایە کە زۆر جیاوازە لەوی لە پەنجا سالی لەوەوبەردا هاتۆتەکایەوە. ئەوەی شایانی سەرنجدانیشە لەم ڕوەوە ئەوەیە کە , زۆربەی کتێبەکانی فەلسەفەی مێژووش لە ولاتانی ڕۆژئاوا ئەم گۆڕانە لە دۆزی فەلسەفی بۆ ئەو کودەتا فکریە دەگەڕێننەوە کە کتێبەکەی سارتەر(ڕەخنە لە عەقلی پڕاکتیك)بەرجەستەیکرد. ئەمە لەخودی خۆیدا کودەتا بوو دژ بە فەلسەفەی پڕاکسیس یان ئەمەی سارتەر کردی خستنەژێری پرسیاری ترادیسیۆنێ فەلسەفی بوو کە سەرچاوەی گشت تێڕامانێ بوو. بەلام ئەم کودەتایە ئەگەرچی خۆی لەسەر دیالیکتیکێ بوونخوازی و دیاردەگەریێ(فینۆمینۆلۆژی) فەلسەفی بونیاددەنا بەلام زۆری پێنەچوو ئەم بیریارە بەو دۆکترینە (بیرۆکە) گەیشت کە مەحالە تێپەڕاندنی ئاسۆی بیری مارکسیزم. ئێمە لێرەدا بە ناخی ئەم دۆکترینە ناچینەخوارێ بەلکو تەنیا ویستمان ئەوەبیرخەینەوە کە چۆن تەوژمی سارتەریزم کاریگەری لە سەر هەلدانی ئاڕاستەی ئەنتی-هیگلیزم هەبووە کە لە ناوەڕۆکدا ئەم ئاڕاستە فکریە ڕاستکردنەوەی فەلسەفەی مێژووی بەدەمەوە بووە و دواتر ڕەخنەش بووە لە بیری کۆنکرێت. ناماقوولیش ناکەین گەر بلێین , ئەم هەلهاتنەش لە هیگل لەوکاتەدا پەتایەك بوو بەگیانی زۆربەی بیریارانی شەستەکان و دواتر هەفتاکانی پاریس دا بلاوبوەوە کە بەپلەی یەك سێ کوچکەکەشی گرتەوە.

ئێمە لە کارەکانی تریشماندا ئەوەمان بیرخستۆتەوە کە ئەم سێ کوچکەیە گرنگی و مانای خۆیان لە فەڕەنسادا بۆ تێپەڕاندنی کەلەپووری فەلسەفی هیگل و ڕەخنەگرتن لەو فەلسەفە مێژوویە هەبووە کە هیگل هێنایەدونیاوە. ئەم هەلهاتنە لە فەلسەفەی مێژووی یان چاترە بلێین فەلسەفەی ناسنامەی هیگل وەك یەك لەناو ئەم سێ کوچکەیە ڕەنگی نەداوەتەوە. هۆی ئەوەش بەزۆری بۆ گەلێ لایەن دەگەڕێتەوە. لەوانە شوێنی هەریەك لەو بیریارانە لە نێوەندی ئەکادیمی فەڕەنسی و پاشان ئەو تێکستانەی هەریەك لەو بیریارانە بۆ دەربازبوون لە میراتی فەلسەفی هیگل و دواتر بیری مارکسیزمیش کاریانلەسەرردووە , کە بەخۆی ئەوکات بیری مارکسیزم لە فەڕەنسا وەك دژە جەمسەری بیری فەلسەفی هیگل خۆی نمایشدەکرد.

ئامانجی ئێمە لەم ڕوونکردنەوەیە قوولبوونەوە نییە لە چۆنیەتی ڕەتکردنەوەی میراتی هێگلیزم لەلایەن سێ کوچکەکەوە بەلکو مەبەستی دیار و سەرەکیمان ئەوەیە کە چۆن ئەوە نیشاندەین دێریدا وەك جەمسەرێکی سەرەکی ئەو سێ کوچکەیە و بایەتی سەرەکی باسەکەمان دابڕانێ دەخاتە بیری ئەو دەمەی خۆی یان بەواتاێ دی نیازمەندین لەو چەند دێڕەی لایخوارەوە شێوەی بەشداریکردنەکەی دێریدا لەو کودەتا فکریەدا بەرچاوخەین کە دواتر مانای ڕاستەقینەی بۆ ئەو شەپۆلە فەلسەفی و ئەدەبی و زمانەوانیە دۆزیەوە کەوا نەك هەر لەناوجەرگەی ڕۆژئاوا کەوتەگەڕ بەلکو تارمایەکەی گەیشتە شوێنێ وەك ئەمەریکاش. گەر زێدەڕۆی نەکەین دەلێین, شوهرەتی دێریدا لە ئەمەریکا و گەشتی بەردەوامی ئەم ڕوناکبیرە پاریسیە بەرەو ئەمەریکا بۆ وانە ووتنەوە(زۆربەی وانەکانی لە زانکۆی هارڤارد دەوتەوە) گەورەترین مانای بۆ فەلسەفەکەی دروستکردووە. کەسیش نازانێ گەر ئەم بیریارە توونڕەوبوایە و پێینەخستایەتە سەر خاکی ئەمەریکا چارەنووسی بیری چۆن دەبوو و هەروەها وانەکانی سەبارەت بە شارستانی ڕۆژئاوا ئەوڕۆ لە ئەمەریکا بەچ ئاکامێ دەگەیشت. ئەمەش تەنیا دێریدا نییە کە ئەمەی کردووە بەلکو گەلێ لە بیریارانی نوێ ڕۆژئاوا ئەمەدەکەن. فەرموو ئەوەتا لەگەل ئەو هەموو ڕقەی بۆدریار لە

ئەمەریکا کەچی پێی لە ئەمەریکا نابڕێ یان سەردانەکانی هابرماز بۆ ئەو ولاتە هەر دیسانەوە دەچێتە خانەی ئەوەی چۆن ئەم بیریارە دەنگی, کە بەخۆی بیرۆکە و توێژینەوەکانیەتی, بگەیێننە ئەمەریکا. بەلام ئەم لایەنە کەسانێ وەك فوکۆ و دۆلۆز لێبێبەشبوونە. فوکۆ و دۆلۆز,کە جگەلەوەی دوو بیریاری گەورەی فەڕەنسی قۆناغی خۆیانن دوو پرۆفیسۆری ناسراوی زانکۆکانی فەڕەنساشن ,هیچ هەولێکیان نەدەدا بۆ سەفەرکردن بەرەو ئەمەریکا و بایەخیشیان بەوە نەدەدا کە ئاکامی توێژینەوەکانیان بە شوێنێ وەك ئەمەریکا بگەێنن. بەلام پاش مەرگییان گۆڕان تاڕادەێ هاتە سەر دۆزی ناسراویان. بۆنموونە فوکۆ گەلێ لە ئینستیتوتەکانی توێژینەوەی ژیندەر و بەتایبەت ئەوانەی لەژێرکریگەری شەپۆلی بیری فێمینیزمی فەڕەنسیدا کاردەکەن بەجۆرێ لەجۆرەکان بۆ فوکۆ دەگەڕێنەوە و هەروەها دوای سەرهەلدانی بیری پاش تازەگەری و پاش بنەماخوازیش ناوی فوکۆ زۆرتر هاتەناوانەوە و گفتوگۆش لەسەر بیری پتر نەشوونمای بەخۆوەدی. بەلام هەرچی دۆلۆزە ئەو بەختەی نەبوو کە بۆ دێریدا بەپلەی یەك و بۆ فوکۆ بەپلەی دوو هەلکەوتن. ئەمەش زۆرجار لەولاتانی ڕۆژئاوا پێوەندیێ زۆری بە مەسەلەی زۆنی زمانەوە هەیە. تائێستاش گەلێ لە نووسەر و بیریارانی زمان ئینگلیزی لە پاریس ناودارنین و یان لەبەر کەمترخەمی لە کاری وەرگێڕان گەلێ تێکستی باشی فەڕەنسی لە ولاتانی ئەسکەندەنافی بۆ نموونە تائێستاش نەخوێندراوەتەوە. ئەوەتا بیریاری فەڕەنسی ژان بۆدریار لەو دوا لێدوانەی لەتەکیا کراوە لەو نووسەرە هاوچەرخانەی کە جێی بایەخیەتی سلاڤۆی زیزکە, کە ڕوناکبیرێ سلۆڤێنیە و نیو-مارکسیستێ ناودارە, کە بەقەولی بۆدریار لە فەڕەنسادا ناسراو نییە. واتە دەکرێ بووترێ درەنگ وەرگێڕان زۆرجار مانایێ زۆری دەبێ لە درەنگ ناسراوی و کەمتر پۆپولێربوونی ڕوناکبیر و نووسەرە جیهانیەکان. بەلام هەندێجار کێشەی تریش دێنە پێشەوە و ڕۆلی خۆیان لە پشتگوێخستن و لاپەڕکردنی بیر و تیۆری بیریار و ڕوناکبیران دا دەبینن. هیچ دوور ناڕۆین ئەو شێوە ترادیسیۆنە فکریەی لە زانکۆکانی ولاتانی ئەسکەندەنافیا(بەتایبەت ولاتی سوید) پێڕەو دەکرێ ڕۆلێ زۆری لە کەمتر ناسراوی بیریارە گەورەکاندا دیووە. ئێمە بەپێی ئەزموونی خۆمان دەکرێ لێرەدا بەکورتی ئەوە بلێین کە فەلسەفەی ئەو سێ بیریارەی لەسەرەوە وەك نوێنەری بیری نیچە-هایدگەر نیشانماندان لە ولاتی سوید ئەو بایەخەیان نەدراوەتێ و تائێستاش زۆربەی کارە سەرەکی و بناغەییەکانیان بە زمانی سویدی نییە. ئەمە کێشەێ گەورەیە و گشت خوێنکارێکی کتێبی فەلسەفی لە ولاتای سوید دەرکی پێکردوە. هۆی کەمپۆپولێربوونی ئەو سێ بیریارە لە سوید تەنیا بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە بزووتنەوەی وەرگێڕان سیستە نەخێر. ئەوە یەکێکە لە هۆیەکان کە ڕەنگە لە هۆیە لاوەکیەکان بێ. بەلام ئەوەی بەباوەڕی ئێمە و بەپێی ئەزموونمان و تێگەیشتنمان لە نێوەندی ئەکادیمی سویدی ئەوەیە کە لە سوید لە بەشی زانستە مرۆیەکان بەگشتی و لە بەشی فەلسەفە بەتایبەتی ترادیسیۆنێ ئەنگلۆئەمەریکی زالە و ئەوەی پێیدەلێن فەلسەفەی کۆنتنێنتال ئەو بایەخەی نادرێتێ و فەلسەفە بەگشتیش بەزۆری لە دەوروبەری فەلسەفەی زانین دەخولێتەوە و هەموو فەلسەفەی تیۆریش لەناوەڕۆکدا پشتگیری لە فەلسەفەی زانست دەکا کە دوژمنی سەرسەختی تێماکانی بیریارانی فەلسەفەی کۆنتنێنتالە کە لێرەدا ئەو سێ بیریارە و سەرچاوە فکریەکانیشیان دەگرێتەوە. واتە لە سوید لەبواری فەلسەفەدا گشت سەرنجێ دەخرێتە سەر فەلسەفەی زانست و شیکردنەوە کە ئەوەش سەرچاوە لە فەلسەفەێکی پۆزەتڤیستی و پڕاگماتی هەلدەگرێ بە پشت بەستن بە فەلسەفەی لۆژیك. ئەم هۆیە دلی ئەو کێشەیە کە لەسەرەوە ئاماژەمانپێکرد. ئەلبەتە ئەو لایەنەش وایکردوە کە بیریارانێ وەك فوکۆ, دۆلۆز و دێریدا ئەوەندە بایەخیان نەدرێتێ و توێژینەوە و دێبات لەسەر بیر و تیۆریەکانیان نەکرێ. ئەلبەتە هەچ ناساندنێکیش سەبارەت بە بیری کۆنتنێتال یان بیری فەلسەفی ئەو سێ کوچکەیە لە سوید یان لە ولاتانیتری ئەسکەندەنافی لەئارادابوبێ دەکرێ وەك شتێ شەخسی تەماشاکرێ و یان وەك حەز و ئارەزوێ تاکی. بۆنموونە وەك هەولەکانی ئەکادیمیکەری دانمارکی پێتەر کامپ لە ناساندنی بیری فەڕەنسی و بەتایبەت فەلسەفەی دێریدا بە ئەسکەندەنافیەکان. ئەو بایەخنەدانەش بە کەسانێ وەك دێریدا, فوکۆ و دۆلۆز لە شوێنێ وەك سوید یان ولاتانیتری ئەسکەندەنافی تەنیا زیانی لە بیری ئەو بیریارانە نەداوە بەلکو بەپلەی یەك زیانی لە وتاری ڕوناکبیری و ئەکادیمی ئەو ولاتانەشداوە و بگرە کارێ واشیکردوە کە لەو خوێندنەوە و تەئویلانەش بێبەریبن کە ئەو سێ بیریارە سەبارەت بە بیری فەلسەفی نیچە-هایگەر ئەنجامیانداوە. بەلام ئێستا ووردە ووردە جۆرە کرانەوەیەك لە زانکۆکانی ئەم ولاتانەدا لەئارادایە بەلام زۆر سیستە و ئاواش بە ئاسانی ڕوناکبیر و ئەکادیمیکەرانی ئەسکەندەنافی لەژێر سیحری ترادیسۆنی ئەنگلۆئەمەریکی نایەنەدەرێ. هەرچۆنبێ دێریدا لەو دوو سەفەرەی بۆ سوید(لە 1985 و 2000 دا ) کاریگەری خۆی لە نزدیکەوە بەجێهێشت و بەلام ئەوەی لەگەل فوکۆدا کرا لە سوید هەرگیز داستانەکەی لەبیرناچێتەوە. چونکە ئەو کتێبەی فوکۆ لە سالی 1961 بەناوی" "مێژووی شێتی لە سەردەمی کلاسیك" " لە فەڕەنسادا چاپیکرد پووختەی تێزی ئەو دکتۆرانامەیەیەتی کە لە ولاتی خۆی بەدەستیهێنا. بەلام هەر ئەو تێزە فوکۆ پلەی دکتۆرای لەسەر وەرنەگرت کاتێ بە دانیشگای ئۆپسالا لە سوید پێشکەشکرا. ناوبراو لەماوەی سالانی 1952-1958 دا لە شاری ئۆپسالا لە سوید دا دەژیا.

لێرەدا دەمانەوێ بگەڕێینەوە نێو باسەکەمان و لەم ڕوەوە ئاماژەی بەوەبکەین, سەردانی دێریدا بۆ ئەمەریکا کۆنە و بۆ چل سالێ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. سەردانەکانی دێریدا ئەگەرچی ئامانج تیایە گەیاندنی تیۆری و ڕاڤەکردنەکانی

بووه بەلام ئەوەش لەپشتیەوە بووە کە ئەمەریکا بەبێ هیچگومانێ گەورەترین بازاڕی فکرە. یان کاتێ کە بیریارێ بیری لە شوێنێ وەك ئەمەریکا ڕەواجی هەبێ بەوەدەچێ بتوانی زۆر بەئاسانی شوێنێ خۆی لەناو ولاتانی ڕۆژئاوادا بکاتەوە. ئەلبەتە لێرەدا ولاتی دایکیش دەگرێتەوە. کەسێ وەك دێریدا ئەوەندەی لەم سالانەی دوایدا ناوی لە زانگۆکانی ئەمەریکادا گۆدەکرا ئەوەندە لە سۆربۆن گۆنەدەکرا. یان ئەو هەست بە غەریبیەی کەسێ وەك بۆدریار باسی لێوەدەکا کە بۆ ڕوناکبیری پاریسی دروستبووە , ئەو پەنجەرەیە نەبێ کە بەشێکیان لەم دوایەدا لەخۆیانیان کردەوە لەشوێنێ وەك ئەمەریکا ڕەنگە لە ولاتانی خۆیاندا لە نەناسراویدا نقوومبوونایە. خۆی لەڕاستیدا زۆر ئاساییە باسلەوەشکرێ کە تێگەیشتنێ تر لە ئەمەریکا لەسەر شارستانی ڕۆژئاوا لە زانکۆکانا باوە و سەردانی ئەم بیریار و ڕوناکبیرە گەورانەی ڕۆژئاوا بۆ ئەمەریکا گرینگی خۆی هەیە لە گۆڕینی بەشێ لەو تێگەیشتنە سادە و یان زۆرجار ڕەقانەی لەسەر مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا لەوێڕا باوە, بەلام کێشەکە لەوەدایە کە ئەو وێنە و سێرکردنانەی لە دانیشگا و ئینستیتووتەکانی توێژینەوە لە ئەمەریکا لەسەر ڕۆژهەلات هەیە بەکێ دەکرێ بگۆڕدرێ و یاخود کێ دەکرێ بۆیهەبێ وەك بیریارهایەکی گلوبالی ولاتانی ڕۆژهەلات خۆی دەرخا و بتوانێ بەشداری لە سڕینەوە ئەو وێنە و سێرکردنە ناشرین و هەلانە بکا کە ئەمەریکا لەسەر کولتووری نەتەوە و ئاینەکانی ولاتانی ڕۆژهەلات دروستیکردووە. حالەتی ئیدوارد سەعید شتێ تایبەتە و پێوەندیێ زۆری بەو ململانێیەوە هەیە کە سەعید سالانێ زۆر بۆچوونی لەسەردەدا کە ئەوەش لە مێدیاکاندا بەرچاویکرد و دواتر گیرسانەوەشی لە زانکۆێ وەك کۆلۆمبیا ناونیشانێ گلوبالی بۆدروستکرد. هەر ئەم ڕناکبیرە گەر لە بەیروت بۆ نموونە بژیایە بەو هەموو فۆڕمەی لە تیۆریزەکردن پێناسراوە بەوەناچێ ببوایە بەو سەعیدەی ئەمڕۆ کە تەنانەت نووسەرە کوردەکانیشی کردووە بە دووبەشەوە. بەباوەڕی ئێمە نە ڕۆژهەلات توانیویەتی لەو ڕوناکبیر و بیرمەندە نێودەولەتیانە دروستکا کە جێیاوەڕن لە ئەمەریکا و یان لە بازاڕی بیری ڕۆژئاوا, نەش بەخۆی بەشێ لە بیریارانی ڕۆژهەلات مۆرکی گلوبالی لە توێژینەوە و ڕاڤەکردنەکانیانا بەدیدەکرێ. ئەوەی زۆر سەیرە لەناوچەکانی ئێمە ڕوناکبیرە تائێستا ئەو کەسەیە کە لەمالەوە خۆی پێدەگەێینێ و بە زانینێ عیسامی(نائەکادیمی)یەوە دواتر دێتە گۆڕەپانی ڕوناکبیریەوە. ئەمەو ئەوەش لەولاوەبوەستێ کە ئەکادیمیکەرانی کورد نەك هەر کێشەی ڕوناکبیریان هەیە بەلکو کێشەی ئەکادیمیشیان هەیە و , زانینە ئەکادیمیەکانیشیان هێندە لۆکالییە لەچوارچێوەی ناوچە و شوێنی نیشتەجێبوونیان  ناچێتەدەرێ. ناشێ ئەوەشمان لەبیرچێ کە کێشە ئەکادیمی و ڕوناکبیریەکانی ئەکادیمیکەرانی کورد زۆرجار وایکردووە کە گۆڕەپان بۆ ئەو نووسەرانە خۆشبێ کە خۆیان خۆیان پەروەردەدەکەن و دواتر لەسەر ئەو باس و بابەتە فکریانەش کە پێویستی بە توانایێ قوول لە توێژینەوە هەیە و داوای شارەزایێ گەورەی فکری و فەلسەفی ئالۆز دەکەن تەماشادەکەین دەیانەوێ ببن بە سەرچاوە بۆ ڕوناکبیر و ئەکادیمیکەران.

پاش ئەو سەرنجەی لایسەرەوە سەبارەت بە گلوبالبوونی بیریار و ڕوناکبیر خستمانەڕوو ئێستا دەمانەوێ, بۆ دێریدا , بۆ یەکێ لەو کوچکەیە بگەڕێینەوە و ڕەوتی ئەو کودەتایەی دەستنیشانکەین کە کردییە سەر بیری ئەو ساتەی خۆی(ماوەی سالانی ناوەندی1960 کان). ناوبراو لە سالی 1966 لە بالتیمۆر بە سیمیارێ لەژێرناوی " "بنەما, نیشانە, و یاری لە وتاری زانستە مرۆییەکانا" " نەك هەر لە بازنەی بیری کۆنکرێت دێتەدەر بەلکو لەو بازنەیەش دێتەدەر کە کەسانێ وەك ئەنتۆپۆلۆگی فەڕەنسی گلۆد لیڤی-شتراوس بانگەشەی بۆدەکەن. لەوێڕا دێریدا ڕاشکاوانە ڕەخنە لە بنەماخوازی ئەنتۆپۆلۆژی شتراوس دەگرێ و بەوەش تاوانباریدەکا کە لە واتای میتافیزیکی ڕۆژئاوا نەهاتۆدەر و ئەو کێشەیەی چارەسەرنەکردووە کە میتافیزیکی ئامادەبوون و ئیتنۆسێنتریزمی ڕۆژئاوا یی دروستیکردووە. ئەمە لەلایێ یەکەم مانڤێستی پاش بنەماخوازی دێریدایە و لەهەمانکاتیشدا ڕەخنەیە لە بیریارانی ڕۆژئاوا ,لە ئەفلاتوونەوە تا شتراوس ,  کە هەر هەموو نەیانتوانیوە میتافیزیك تێپەڕێنن. تێپەڕاندی  وتاری میتافیزیکی ڕۆژئاوا ئەوەی لە ئەفلاتوونەوە تا نیچە و و هۆسرەل و هایدگەر و شتراوس و هتد بەردەوامبووە بۆ دێریدا سەرەکیترین تێزە و دواتریش ئەوەی پێیدەلێن تیۆری هەلوەشانەوەگەری ,کە بناغە بۆ بیرێ تر دادەنێ بەناوی پاش بنەماخوازی, بەکاردەبرێ بۆ هەلوەشانەوەی ترادیسیۆنی میتافیزیکی ڕۆژئاوا. لەو سمینارەدا دێریدا ڕەخنە ئاڕاستەی فینۆمینۆلۆژیای مامۆستاکەشی دەکا کە لەسەردەمی لاویدا لەژێرکاریگەریدا بووە و بەوەش تاوانباریدەکا کە نەیتوانیوە لە قاوخی میتافیزیك بێتەدەرێ. ئەوی دێریدا لەم سمینارەدا باسیدەکا دەبێ بە خورپەێ فەلسەفی بۆ زۆربەی نێوەندە ڕوناکبیری و ئەکادیمیەکان لە ڕۆژئاوا. چونکە دێریدا بەمە خۆی لە بنەماخوازی جیادەکاتەوە و بەوەش ئاڕاستەێ فکری و ئەدەبی تر دێنێتەکایەوە کە لەگەلێ ڕووەوە وتاری بنەماخوازی تێدەپەڕێنێ. ئەم تێپەڕاندنەش بەپلەی یەك لەسەر بناغەی هەلوەشانەوەی بنەماخوازی دەبێ کە بەباوەڕی دێریدا نوێنەرایەتی وتاری میتافیزیکی ڕۆژئاوا دەکا. واتە گەڕان بەدووی بیرێ تر لەدەرەوەی میتافیزیك و , کەوتن لەوەی سێستەمی واتای میتافیزیك وەك شێوەێ لە بیرکردنەوە بەکاربرێ. ئەمەش ئەو شەپۆلە فەلسەفی ڕەخنەییە هێنایەدونیاوە کە دەشێ ناوی پاش بنەماخوازی لێنرێ کە دواتر ئەم شەپۆلە فەلسەفیە لەگەل شەپۆلێ فکری تر یەکیگرتەوە کە بە پۆست مۆدێرنیزم ناسرا. ئێمە کە نامانەوێ بەدووی لایەنی جیاوازی و هاوشێوەی لەنێوان ئەم

دوو ئاقاره فەلسەفییەدا بگەڕێین ئەوەندە دەڵێین کە هەردوو لەسەنگەری دژ بە ترادیسیۆنی میتافیزیکی ڕۆژئاوادا کاردەکەن و ئەو سێستەمی بیرکردنەوەیە پووچدەکەنەوە کە سەرچاوە لە بیری ئامادەبوونەوە هەڵدەگرێ.
ڕەخنەی دێریدا لە میتافیزیك پتر سەرچاوەێ هایدگەری و فرۆیدی هەیە وەك لەوەی نیچەی یان هیگلی بێ.بەلام ئەمە ڕاوەستانێ هەمیشەی نییە لەسەر بیری ئەو دووکەسە. چونکە پاشان دێریدا ڕەخنە ئاڕاستەی ڕەخنەی میتافیزیکی هایدگەر و فرۆیدیش دەکا لە میتافیزیك. ئەوی دێریدا هەولی بۆ دەدا لەو ڕەخنانەی ,تەنانەت لە سەرچاوەکانی بیری خۆشی (هایدگەر,فرۆید, هۆسرل, نیچە) ئەوەیە کە بیرێ لەدەرەوەی بیری میتافیزیك بدۆزرێتەوە. بۆئەوەی ئەمەش بکا گەشت بەناواخنی تێکستە فەلسەفیە کلاسیکەکانا دەکا. ئەمەش لەبەرئەوەی دێریدا لەوێڕا ترادیسیۆنێ دەبینێتەوە کە بناغەی بۆ ""وتاری ئامادەبوون"" داناوە. بۆئەوەی دێریدا ئەم وتارە بنەبڕکا سەرلەبەر ئەو ترایسیۆنە فەلسەفیەی ڕۆژئاوا هەلدەوەشێنێتەوە. بۆ ئەم بیریارە هەلوەشانەوەی میتافیزیك گەورەترین مانا بە داهاتووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا دەبەخشێ. ئەوی دێریدا لەم ڕووەوە ئەنجامیدا لەناو فەلسەفەی ڕۆژئاوا لەپاش سالانی 1960 کانەوە بۆ گەلێ لە نێوەندە ئەکادیمی و کولتووورێەکان بابەتی باس بوو. چونکە ئەم بیریارە بەهۆی تیۆری هەلوەشانەوەگەریەکەیەوە بیرێ سنووردارردەکا کە مۆرکی خۆی لەناو گشت کولتوورەکان داناوە و شێوازی بیرکردنەوەی ڕۆژئاوایشی بەخۆیەوە گرێداوە.
بۆ ڕەخەگرتنیش لە میتافیزیك هەر لەسەرەتاوە دێریدا پەنا بۆ هایدگەر دەبا بەتایبەت لەو خالەی پێوەندی بە بوونەوە هەیە. بەدلنیایشەوە دێریدا تێمای ئامادەبوون بەو شێوەیە بەر باسناخا کە لای هایگەر شوێنی قسەکردنە. چونکە دێریدا وەك پاش بنەماخوازێ هەولی دروستکردنی پێوەندیەك دەدا لەنێوان تێمای ئامادەبوون و واتای بنەما. بائەوەش بلێین کە دێریدا لەبواری ڕەخنە لە میتافیزیك بۆ لێڤینانس و بلانشۆش دەگەڕێتەوە. چونکە گەڕانەوەی دێریدا بۆ ئەم دوو بیریارە گەڕانەوەیەتی بۆ ئەو بایەخەی لێڤینانس و بلانشۆ بە ""ئەویتری ئەویتر"" دەدەیدەن کە ئەم لایەنەش ڕێگای تری دۆزیوە بۆ ڕەخنە لە میتافیزیك.
بەلام ئەوی فوکۆ دەستییێدەکا چوارچێوەێ تری هەیە. بۆ گەیشتن لەوەش دەشێ مرۆڤ بۆ ئەو وانەیە بگەڕێتەوە کە ناوبراو لە سالی 1970 بۆ وەرگرتنی کورسی مامۆستایەتی دەیخوێنێتەوە کە تیایا کارەکتێری سەدەی خۆیان ڕووندەکاتەوە کە لەچ هەولێکدایە بۆ دەربازبوون لە دەست فەلسەی مێژووی هیگل. لەڕووی کرۆنۆلۆژیشەوە گەر نەختێ بەرەو دواوە بچین دەلێین, پێش ئەم وانەیە, کە لە کۆلێجی دۆ فرانس فۆکۆ ووتیەتیەوە, ناوبراو کتێبی ""وشە و شتەکان""ی لە سالی 1966 دا نووسی کە لەوێڕا فوکۆ دەرگا دەخاتە سەرپشت لە بنەماخوازی وەك وتارێ لەبواری مێژووی بیر و شیکردنەوەی مرۆیی. هەرچی کۆششی بیریاری سێهەمیشە ,کە ئەویش دۆلۆزە, کەمتر لەو دوانەی تر ڕەخنگرانە نەبووە لە بیری سەدەی خۆیان. ئەوەی کە مانادارترە لەمانە کە دەشێ بووترێ ئەوەیە کە ئەم سێ بیریارە شێوەی ڕەخنەکانیان لە بیری باو و کۆنکرێتی ئەو کاتەی پاریس شەپۆلێ فکری هێنایەدونیاوە کە هەر زوو بە بنەماخوازی ناونرا کە 1960 چرکەی دەستبەکاربوونیەتی بەلام پاش چەند سالێ و بەتایبەت لە ناوەندی 1960 کانا ئەم شەپۆلە گەیشتە قۆناغێ دواتر کە زۆرجار ناوی وەك میتا بنەماخوازی یان پاش بنەماخوازی لێدەنرێ. ماهیەتی ئەو بنەخوازیەش ,کە بەهاتنی شەپۆلێ تر ئاوابوو, هەموو دەزانین خۆی لەسەر وتارێ زمانەوانی بوونیادەنا کە پاشان ئەو وتارە بنەماخوازیە زمانەوانییە لقوپۆپەکانی کەوتە ناو ئابووری و کۆمەلایەتی دەروروناسی و شیکردنەوەی ئەفسانە و کولتوورەوە.
ئێمە لە سالی 1988دا لە سەروتارێکدا بەناوی (وتاری بنەماخوازی-گۆڤاری یەکگرتن , دانمارك) و دواتریش لە سالی 1998 دا لە سەروتارێ دی بەناوی(ئێپۆکی پاش بنەماخوازی-خستەڕووی بیری ژاك دێریدا) ئەوەمان بەکورتی خستە ڕوو کە چۆن ئەم سێ بیرمەندە بەهۆی توێژینەوەکانیان بەجیا و دوورلەیەك سێکوچکیەك پێکدێنن کە دەکرێ ناوی بیری **میتا-بنەماخوازی** ,کە دواتر ناوی **پاش بنەماخوازی** لەخۆگرت, لێبنرێ. ئەم بیرە کە خۆی لەسەر تێکستەکانی نیچە-هایدگەر پەروەردەدەکا زانینێ دژ بە زانینی بوونخوازی سارتەر و ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم دێنێتەکایەوە.
بەمەرکی ئەم سێ کوچکەیە دەبێ ئەوەش بلێین زیانێ زۆر نەك هەر لە فەلسەفەی نەوەی نیچە-هایگەری فەڕەنسی کەوت بەلکو لەو فەلسەفەیەش کەوت کە پێیدەووترێ فەلسەفەی کۆنتنێنتال کە دژە جەمسەری فەلسەفەی شیکردنەوەییە کە فەلسەفەیەکی ڕەق و وشکی ئەنگلۆساکسۆنیە.

## دیاردەی دێریداگەریی

گەلێ لەبوارەکانی زانستەمرۆییەکان و کارە کولتووری و ڕوناکبیریەکان لەدوای بلاوبوونەوەی سێ کارە ناودارەکەی دێریدا کە لە سالی 1967 دا بەچاپگەێندران (لەمەڕ گراماتۆلۆژی, دەنگ و دیاردە , نووسین و جیاوازی) بەجۆرێ لەجۆرەکان کەوتنەژێر کاریگەری تێڕامانی فکری و فەلسەفی دێریداوە. ئەم کاریگەرییە سەرەتا

لەناو بیری فەرەنسی دا شوێنی بۆخۆی داگیرکرد و دواتریش کاریگەریەکە لەدەرەوەی زمانی فەرەنسی یان باشترە بلێین لەناو دەرەوەی جوگرافیای بیری فرانکفۆنیدا تارمایەکانی دەرکەوتن. هەروەها نێوەندە ئەکادیمیەکان هەروەك نێوەندە رۆشنبیری و لاپەرە کولتووریەکانی مێدیاکان لە ولاتانی رۆژئاوا و , پاش وەرگێرانیشی بۆ سەرزمانی ئینگلیزی, لە شوێنێ وەك ئەمەریکا ئاوەردانەوەێ بەردەوام بۆ ئەو فەرهەنگە فکریە لەئارادابوو کە ئەم بیرمەندە لەو سێ بەرهەمە سەرەتاییەدا کاری لەسەرکرد. تیۆریزەکردنی بەردەوامی ئەم بیرمەندە, هەر لەسەرەتای 1960 کانەوە تاکاتی مەرگی, بەسەر زمان و فەلسەفە و دۆزی سیاسی رۆژئاوا کردی بە کەسایەتیێ بەرچاوی و بەرهەمهێنەری زاراوەگەلێکی نوێ کە بەشداری لە دروستکردنی دیاردەێکداکرد کە لێرەدا ناویدەنێین دیاردەی دێرێداگەریی. ئەم دیاردەیە بەو لێکسیکۆنە فکری و فەلسەفی و زمانەوانیەوە بەستراوەتەوە کە دێرێدا خستیە ناو بیری توێژینەوەی رۆژئاوا. ئەمەو ئەم بیریارە کۆششێ بەردەوامی بریتی بوو لە رەخنەکردنی بیری رۆژئاوا هەر لە ئەفلاتوونەوە تادەگاتە مامۆستایانی خۆی, ئەم لایەنەش بەبێراریی گەلێ لەو بۆشایی و کەموکورییانەشی دەستنیشانکرد کە بیر لە رۆژئاوا تیایژیاوە. هەر زوو بیریاری ناوبراو کەوتە ئاشکراکردنی ریشالی عەقلگەرایی رۆژئاوا و ئەو سێستەمە توونددەش کە ئەم عەقلەی لەپشتەوەبووە. کەنارگیری و تاکگەرایی ئەم عەقلە وای لەم رووناکبیرە پاریسیە کرد ئەو عەقلە بە راسیست و ئیتنۆسێنتریست و خۆدیتوو لەقەلەمدا. هەولە دەگمەنەکانی ئەم بیرمەندە و هاوبیرەکانی نەبایە شیکردنەوەی شارستانی رۆژئاوا لە شوێنێ زۆر شۆفێنی و نەرجسیدا دەوەستا و ئەو نهێنیانەش هەرگیز ئاشکرا نەدەبوون کە وتاری رۆشنبیری رۆژئاوا لە دروستکردنی بەرپرسیارە. هەروەها خستنەژێرپرسیاری ناسنامەی رۆژئاوا, کە بەهۆی تیۆریە ناودارەکەی بەناوی ""هەلوەشانەوەگەریی""

ئەنجامیدا,رێگای لە خۆناسیەك کردەوە کە ئەویتری غەیرە رۆژئاوای توانی خۆی و ئەویتریشی پێبناسێ. ئەمەش دەرگای لە ریزێ گومان و تێرامانی ناجۆر کردەوە کە پاشان بوون بە شەپۆلهایەکی فکری وەك پاش تازەگەری.

بەواتایێ بەرینتر, ئەوەی دێریدا لەوبارەیەوە دەیکرد خستنەگەری مێتۆدێ بوو کە ناوەرۆکەکەی لەسەر ئەو بناغەیە پێکهاتبوو کە ئەرکی ئەوەبوو بەدووی مانای تردا بگەرێ یان مانایێ زۆرتر لەوەی هەیە لە تێکستە ئەدەبی و جوانکاری و فەلسەفیەکانا بەدەستبهێنێ.

وێرای ئەوە, بەهۆی رەخنەی رانەوەستاوی ئەم بیریارە لە زمان و زانینی رۆژئاوا گەلێ واتا کەوتنە بەر گفتوگۆ و گەلێ زاراوەش شوێنی بەکاربردنیان بتەوتربوو. واتای وەك بنەماخوازی یان خوێندنەوە یا نووسین ,

لێکدانەوە(تەئویل) و تێکست هەموو ئەمانە پێش ئەوەی دێریدا بێتە گۆرەپانی فەلسەفی لە بواری بەکاربردندابوون بەلام بەهۆی شێوەیکارکردنی دێریداوە کەوتنە بەر بەکاربردنێ ترەوە. ئەم ترە پاشان ئەو دیاردەی دروستکرد کە ناوی ئەم بیریارەی هەلگرت. هەروەها نادادپەروەریناکەین گەر بلێین گەلێ چەمك و زاراوەی تریش لەسەر دەستی ئەم بیریارە وەك پاش بنەماخوازی, پاش تازەگەریی, هەلوەشاوەگەری, جیاوازی بوون بە چەمك و زاراوەهایەکی نێودەولەتی و رێگایەکیش بۆ بیرخستنەوەی میراتی فەلسەفی نەك هەر ئەم بیریارە بەلکو خودی ئەوەی پێیدەلێن بیری فەرەنسی هاوچەرخ. لەهەموو ئەمانە گرینگتر راڤەکردنەکانی دێریدا لەبارەی تێکستە فەلسەفیە کلاسیکەکانی رۆژئاوا توانیان بناغە بۆ ئەو دێیاتەش دانێن کە فەلسەفەی رۆشنگەری خستە ژێر پرسیارەوە. ئەم خستنە ژێرپرسیارەی فەلسەفەی ناوبراو مۆرکێ تایبەتی بە بیری نوێی کۆنتنێنتالدا کە ئەم بیرە بەخۆی فەلسەفەیەکی پراکتیکیە. بەلام دێیاتەکانی لەماوەی سالانی 1990کان ئاراستەێ تری وەرگرت. چونکە خۆی لە مشتی ئەو رەوتە فەلسەفیە هێنایە دەرێ کە راڤەی کێشە فەلسەفیە تیۆرییەکان دەکا و زۆرتر خۆی لە کێشە سیاسی و کۆمەلایەتیە رۆژانەییە هەنووکەیەکانەوە نزدیککردەوە. ئالێرەوە دەشێ پتر باس لە ئەستێرەی دێرێدا بکرێ و ئەو دیاردەیەش بە فاکتە بزانرێ کە ئەم بیرمەندە دروستیکرد. چونکە دێرێدا لەماوەی ئەم بیست سالەی دوایی لە قاوخێ تردا خۆی دییەوە کە زۆر جیاوازە لەو قاوخەی لە سەرەتای شەستەکان خۆیتیاقایمکردبوو. گوازتنەوەی بیری دێریدا لە فەلسەفەێ تیۆرییەوە کە دێیات لەسەر بیری مامۆستاکەی دەکا(لێرەدا مەبەست هۆسرلە) بەرەو فەلسەفەێ کە پرد لەنێوان فەلسەفە و ئەدەب و دواتر فەلسەفە و سیاسەت دادەنێ مانایێ تری بۆ مەغزای ئەو دیاردەیە دروستکرد کە دەشێ بۆلەمەولا ناونرێ دیاردەی دێرێداگەریی.

گەر پتر رۆچینە ناو بیری ئەم بیرمەندەوە بەو ئاکامە دەگەین کە بلێین سەرهەلدانی ێریداگەریی سەرەتاکانی بۆ پایزی 1966 دەگەرێتەوە پاشئەوەی دێریدا بەباسێ بەشداری لەو کۆنفرانسەدا دەکا کە لە زانکۆی جۆن هۆبکنس لە بالتیمۆر لە ئەمەریکا دا سازدەکرێ. لەوێ ,کە بۆیەکەمجار چاوی بە پۆل دۆمان, بەقەولی خۆی هۆلدرلینەکەی ئەمەریکا, دەکەوێ بەو باسە بەشداریدەکا کە پاش ماوەێکورت رێگا لەبەردەم تەوژمێ نوێی ئەدەبی و فکری دەکاتەوە کە ئەوەش پاش بنەماخوازیە. ئەو باسەش هەروەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد ئەو رەخنانەبوون کە ئاراستەی بنەماخوازێ وەك شتراوسی دەکا. ئەوکات کە دێریدا ئەو باسە تیۆریە سەبارەت بە بنەماخوازی لە کۆنفرانسە پێشکەشدەکا 36 سالان دەبێ و نێوبانگی لەنێو ئەکادیمیکەرانی ئەمەریکیدا بەمشێوەی ئەمرۆ نییە تەنانەت ئەوکاتە هێشتا کارە سێکوچکەییە گرینگەکەشی بەچاپنەگەیاندبوو(لەمەر گراماتۆلۆژی, دەنگ و دیاردە, نووسین و جیاوازی) . بەلام رۆژی پاش سیمنارەکە زۆربەی رۆژنامەکان لە ئەمەریکا دەکەونە باس لەو بیریارە

فەڕەنسیەی زەفەری بە بنەماخوازی فەڕەنسی هێنا.ڕەنگە ئەمەریکایەکان بەخۆیان پێویستیان بەو تەقەلایەی دێریدا بووبێ چونکە تێگەیشتنی ئەکادیمیکەرانی ئەمەریکی ,بەباوەڕی ئێمە, بۆ وتاری ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا هەمیشە دەکرێ گومانیلێکرێ. ئەمەش نەك هەر لەبەرئەوەی ئەمەریکایەکان کەمتر بەرهەمهێنەری تەوژمی فکری و فەلسەفی گەورەن بەلکو لەبەرئەوەش کە لەلایێ خاوەنی ئەوەش نین کە لە ڕۆژئاوا پێیدەوترێ مۆدێرنیتێ یان ئەمەریکایەکان لەچاو ڕۆژئاوایەکان ڕۆشنگەریێ تایبەت بەخۆیانیان نییە.گەر ڕاستیش بدوێین ئەوە دەبێ دانبەوەدابنێین, ئەم حالەتە بەخۆی بریتیە لە وونبوونی گەورەترین ئێپۆکی فکری و داهێنان لە ژیانی فەلسەفی و ڕوناکبیری ئەمەریکایەکان. لەلایێ تریش, بۆدریار ووتەنی, ئەکادیمیکەرانی ئەمەریکی پتر ئەکادیمین وەك لەوەی ڕوناکبیربن(1). بۆیە کەسانێ وەك دێریدا و دواتر هابرماز یان لیۆتار یان بۆدریار زۆر بەباشی جێیان دەبێتەوە. فەڕەنسیەکان بەگشتی جگەلەوەی ئەکادیمیکەرن بیریار و ڕوناکبیریشن.

ئەو لایەنەش کە بۆدریار باسیدەکا بە بۆچوونی ئێمە ڕەنگە مانای خۆی بۆئەوە هەبووبێ کە بیری فەڕەنسی لەماوەی سالانی 1970 و 1980 کان بەلێشاو خۆی بە ئەمەریکادا بکا. ئەو دێیاتانەش بیریارانی فەڕەنسی بەتایبەت نەوەی نیچە-هایدگەر لەماوەی سالانی 1960کان و 1980کانا سەبارەت بە مەسەلەی عەقل و زانین و مرۆڤ هێنایانەکایەوە و دواتریش ئەو تیۆریانەی بیریارانی پاش تازەگەری لەماوەی 1980 و 1990 کانا کاریان لەسەرکرد هەموو خۆیان لەسەر ئەو تیۆریانە بوونیادەنا کە ڕۆژشنگەری ڕۆژئاوا بناغەی بۆدانابوو. ئەم بناغەیە کاتێ لە ئەمەریکادا وونە زۆر بەزەحمەت دەکرێ ئەو بیرە بەرهەمبێ کە لە شوێنێ وەك فەڕەنسا یان ئەلەمانیا بەرهەمهاتووە. بێ بیری بیر لە ئەمەریکا لەم دوایەدا تاڕادەێ چارەسەری بۆخۆی دۆزیەوە. ئەمەش یەکەم لەبەرئەوەی ئەمەریکایەکان لەژێرسایەی بیری فەڕەنسی و یان چاترە بلێین بیری فەلسەفەی کۆنتنێنتال ,کە دژە جەمسەری ئەو فەلسەفەیە کە پێیدەووترێ فەلسەفەی شیکردنەوەی و لە ولاتێ وەك ئەمەریکا لە لوتکەدایە, بە کەلەپووری فەلسەفی هەلوەشانەوەگەری و فێمینیزم و پاشبنەماخوازی و هیچگەرایی ئاشنابوون. ئاشنایەتی ئەمەریکایەکان بە فەلسەفەی کۆنتنێنتال ,کە ڕیشەی بۆ فەلسەفەی نیچە-هایدگەر دەگەڕێتەوە , لەم دوایەدا لە ئەمەریکا بەهۆی سەردانی بیریارانی فەڕەنسی(دێریدا, بۆدریار,لیۆتار) و ئەلمانی(هارماز) بەهێزتربوو, و تەنانەت لەو ڕووەوە نەك هەر بیریاری خۆشیان هەیە بەلکو دێیاتێ ئەکادیمی گەورەش لەنێوان بیریارانی ئەنگلۆساکسۆنی و فرانکفۆنی دا یان بەواتا فراوانەکەی فەلسەفەی کۆنتنێنتال و فەلسەفەی شیکردنەوەیشدا دروستبوو. دووەمیش لەبەرئەوەی پاش گەشەی بازاڕ و دروستبوونی نێت و یان پاش هاتنەکایەوەی تەوژمی جیهانگیری, کە مندالدانەکەی وا لە ئەمەریکا, شەپۆلێ لە توێژینەوەی ئابووری و کۆمەلایەتی هاتەکایەوە کە تیرۆیزەکردنێ نوێی تیابەدیدەکرێ. لەو ڕووەوشەوە دەکرێ بلێین کۆمەلناسی و زانستی سیاسەت لەم دوایەدا لە ئەمەریکادا زۆر گەشەی کردوو و بوو بە سەرچاوەێ گەورەش بۆ دانیشگاکانی ئەورووپا کە بەهۆیەوە باس دێتەسەر ماف, دیموکراسیەت و ئازادی. هەلەشماننەکردووە گەر بلێین ئێستا زۆربەی کۆلێجەکانی بەشی ئابووری و کۆمەلناسی و سیاسەت و ماف و ئەلبەتە فەلسەفەی تیۆریش لە دانیشگاکانی ئەوروپا لەژێر سیحری نووسین و توێژینەوەکانی ئەکادیمیکەرانی ئەمەریکیدایە. نەك هەر ئەوە تەنانەت هەر خودی ئەمەریکا بووە بە بەبازاڕێ بۆ ساغکردنەوەی ئەو بیرەی کە بەزمانی ئینگلیزی دەنووسرێ. ڕەنگە هەر ئەم هۆیەش بێ گەلێ لەگەورە بیریار و ئەکادیمیکەرانی ڕۆژئاوا بۆ گەیاندنی دەنگی توێژینەوە و ڕاڤەکردنەکانیان خۆیان دەگێننە ئەمەریکا.

(1) بڕوانە ئەو لێدوانەی پۆل هێگارتی لە 17 ی ئەپریلی2003 دا لەگەل بۆدریار لەمالەکەی لەتەکیاکردوویەتی و پاش لەو کتێبە بلاوبۆتەوە کە لەم ماوەیەدا بەچاپەگێندرا لەژێر ناوی" "ژان بۆدریار" " کە دەروازەیەکە بۆ بیری ئەم بیریارە فەڕەنسیە.